# سیاسەتی دەرەوەی قەتەر

قەتەر وڵاتێکی عەرەبییە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەبی و باشووری ڕۆژاوای کیشوەری ئاسیا. بەسەر کەنداوی فارس دەڕوانێت و یەکێکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سنووری وشکانیی لەگەڵ سعودیایە و سنووری ئاوییشی لەگەڵ هەر یەک لە ئیمارات، بەحرێن و ئێرانە. پایتەختەکەی دەوحەیە و ژمارەی دانیشتووانی ٢ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەسە و ڕووبەرەکەی ١١٤٣٧ کم دووجایە. زمانی عەرەبی، زمانی فەرمییە و، ئیسلام ئایینی فەرمیی وڵاتەکەیە. شێخ تەمیم بن حەمەد ئەلسانی، لە ٢٠١٣ەوە دەسەڵاتی لە باوکی وەرگرتووە و، بە شێوەیەکی ئاشتییانە بووەتە میری قەتەر. لە ١٩٣٩دا نەوتی لێ دۆزراوەتەوە و لە ئێستادا سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی قەتەرە.

دۆزینەوەی نەوت لە قەتەڕ بونیادی ئابووری وڵات دەگۆڕێت و جارێکی دیکە پەیوەندی نێوان نوخبەی ئابووری و نوخبەی سیاسی دادەڕێژێتەوە، نوخبەیەکی سیاسی نوێ دێتە پێشەوە کە لە هەمانکاتدا نوخبەی ئابووریشە، بەڵام ئەو نوخبە تازەیە سیفەتێکی سەربازیشی هەیە، ئەمەش لە سیاسەتی دەرەوەی قەتەڕ لەسەردەمی نوێ ڕەنگدەداتەوە.

## ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی قەتەڕ

ســــتراتیژیەتی سیاســـــەتی دەرەوەی قەتەڕ لەســــــەردەمی شـــــیخ حەمەد گۆڕانکــاری بنەڕەتــی بەســەردێت، نــوخبەی سیاســی قەتەڕ لە ســەردەمی نــوێ سیاســـەتی دەرەوە لەســـــەر بنەمـــــای تێگەیشـــتنێکی ئەمنـــی دادەرێـــژن، سیاســـیەتی ریـــالیزمی بەرگـــری پەیـــڕەو دەکەن، بە واتـــایەکی دیـــکە قەتەڕ هەست دەکات ئاسایش و سەربەخۆی لە مەترسیەکی گەورە دایە.

**بۆ دەرباز بوون لەوە قەتەڕ دوو هەنگاوی ستراتیژی هاویشت:**

**یەکەم:** دروستکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا، ئەمریکا گەورەترین بنکەی سەربازی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بریتییە لە بنکەی سەربازی سیلیە لە قەتەڕ بنیاد دەنیت، کەواتە شێخ حەمەد لە لایەکەوە توانی بەم هەنگاوە ئاسایش بۆ قەتەڕ دابین بکات و بیپارێزێت لە هەڕەشەی ئێرانی و سعودی، لەلایەکی دیکەوە توانی قەتەر لە تەبەعییەتی سعودی رزگار بکات.

**دووەم:** بە کارهێنانی هێزی نەرم شتێکی ئاساییە کە وڵاتێکی وەکو قەتەڕ کە دەوڵەمەندە بە نەوت و غاز، وزە وەك هێزیکی نەرم بەکاربهێنیت لە سیاسەتی دەرەوەدا، لە سەردەمی شێخ حەمەد قەتەڕ توانی ببێت بە یەکەم وڵات کە غازی شل بەرهەم بهێنێت، هەروەها سێیەم وڵاتە لە رووی یەدەکی غازەوە کە لە دوای رووسیا و ئێرانەوە دێت.

لە ئێستادا قەتەر یەکەم فرۆشیاری گازي شلە لە جیهاندا، ئەمەش داهاتێکی زۆر گەورە دەگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکە، لە کاتێکدا قەتەر ژمارەی دانیشتوانی زۆر کەمە، بۆیە ئەو داهاتە گەورەیە بۆ ئەو ژمارە کەمەی دانیشتوان، ئەم وڵاتەی کردوە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی جیهان. بازرگانی بە گازی سروشتیەوە بەردەوام لە گەشەکردنە، چونکە لە نەوت زیاتر دەمێنێتەوە لە ئایندە، هەر وەها ژینگە کەمتر پیس دەکات ونرخەکەشی گونجاوترە. گازی سروشتی جگە لەوەی قەتەری زۆر دەوڵەمەند وبەهێز کرد، تا ڕادەیەکی زۆریش ئازادی کرد لە هەژموونی سعودییە، چونکە ئەگەر قەتەر پشتی بە نەوت ببەستایە، ئەوا بازاری نەوت بە تایبەت نەوتی کەنداو، لە ژێر کۆنترۆڵی سعودیەیە، بەڵام گاز لە ژێر کۆنترۆڵی سعودییە نییە، بەڵکو قەتەر لە سعودیە زیاتر گاز بەرهەم دەهێنێت، دوای سزاکانی سەر ئێران، لە ئیستادا قەتەر یەکەم وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەرهەمهێنانی گاز، ئەمەش ئازاد تری کردوە، چونکە سعودییە ناتوانێت بازاری گاز کۆنترۆڵ بکات.

## پەیوەندی دیبلۆماسی

**لە رووی دیبلۆماسییەوە قەتەڕ توانی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکە دروستبکات، بەچەشنێك لە هەمان کات کە یارمەتی فەلەستینیەکانی دەدا پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل بەردەوام بوو، ئەوکاتەی قەتەڕ ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ سندوقی قودس تەرخان دەکات، پەیوەندییەکانی لەگەل ئسرائیل لە لووتکەدایە، تازەترین هەوڵی دیبلۆماسی قەتەڕ کردنەوەی ئۆفیسی تاڵیبان لە دۆحەی پایتەخت و نێوەندگیرکردنی گفتوگۆکانی نێوان تاڵیبان و ئەمریکا بوو، قەتەڕ سەرکەوتو بوو لە نزیك کردنەوەی لایەنە لوبنانییەکان و واژوو کردنی رێکەوتنامەی دۆحە لە ساڵی 2006.**

**پەیوەندی قەتەر وئێران زۆر کات مایەی پرسیارە، قەتەر کە گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمریکای لێیە وهاوکاری زۆربەی گروپە ئیسلامییە چەکدارە سوونیەکان دەکات، بۆچی لەگەڵ ئێران پەیوەندیەیکی باش یاخود بێ کێشەی هەیە؟ کێڵگەی باکوری قەتەر، کە بە بڕبڕەی پشتی ئەم وڵاتە دادەنرێت، لەو کێلگەیەدا قەتەر وئێران هاوبەشن، چونکە کێلگەکە دەکەوێتە کەنداوی عەرەبی، نێوان ئێران وقەتەر، هەر بۆیە نزیکەی ٢٥٪ی ئەو کێڵگەیە هی ئێرانە. جگە لەوەش، قەتەر بۆ ئەوەی بگاتە جیهان، وبۆ ئەوەی گازەکەی بە کەشتی بگەیەنێتە بازاڕەکانی جیهان، پێویستە بە کەنداوی عەرەبی وبە گەرووی هورمز تێپەڕێت، ئاشکراشە ئێران هەژموونی زۆرە بەسەر گەرووی هورمز وکەنداوی عەرەبی. بۆیە قەتەر هەمیشە هەوڵدەدات لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکی باشی هەبێت، لایەنی کەم، ململانێ وکێشەی قووڵ نەبێت لە نێوانیاندا، چونکە ئێران دەتوانێت کێشە بۆ سەرچاوەی سەرەکی ژیانی قەتەر درووست بکات. قەتەر بۆ ئەوەی بگات بە دەریایی سوور، دەبێت بە ڕێگەی بۆری و بە سعودیەدا تێپەڕێت، ئەمەش قەتەر دەگەرێنێتەوە بۆ ژێر هەژموونی سعوودیە. بۆ ئەوەی بگاتە عومان کە دەوڵەتێکی بێ لایەنە، لەوێشەوە بۆ دەریای عەرەب یا**

کەنداوی عومان وپاشان بۆ گەرووی باب المندب، دیسانەوە دەبێت بە ئیماراتدا تێپەڕێت، کە لە سعوودیە زیاتر دژی قەتەرە. جگە لەوەی ئەگەر ئەو هێڵە گازیانە دروستیش بکرێن وبەوڵاتانەدا بگاتە دەرەوە وبێ تێپەرین بە گەرووی هورمز، ئەوا تێچوونەکەی زۆر بەرز دەبێت. بۆیە قەتەر جگە لە کەنداوی عەرەبی وگەرووی هورمز، دەرگای تری نیە بۆ چوونە ناو جیهان وناردنی کەشتیەکانی بۆ فرۆشتنی گاز.

ئەم نزیکایەتیە لەگەڵ ئێران، هۆکارێکی ترە بۆ ململانێی نێوان قەتەر وڵاتانی تری کەنداو بە تایبەت سعودیە وئیمارات، ئەمریکاش چاوپۆشی لەم پەیوەندییە دەکات، چونکە دەزانێت قەتەر ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ئێران تێکبدات. ئێرانیش نایەوێت پەیوەندی لەگەڵ قەتەر تێکبدات کە پەیوەندییەکەی پتەوی هەیە بە ئەمریکا وگروپە سوونیەکان، چونکە بۆ ئێران شتێکی باشە لەناو کەنداو ودەوڵەتانی سوونە، دەوڵەتێك هەبێت دژایەتی ئێران نەکات ودژی سعوودیەش بێت. بۆیە ئێرانیش چاوپۆشی لە هەندێ سیاسەتی قەتەر دەکات .

قەتەر دەیەوێت لەسەر چەندین هێل یاری بکات وسیاسەت بکات، چەندین دۆستی دژ بە یەکی هەبێت لە یەك کاتدا، ئەم پارادۆکسە لە سیاسەت سوودی زۆر پێگەیاندوە، بەڵام لە هەمان کاتیش هەندێ زیانی پێگەیاندوە، ئەو سیاسەتە بوە هۆکاری ئەوەی کە ماوەی سێ ساڵ زیاتر لە گەمارۆدانێکی قوورس بوو لە لایەن دراوسێکانیەوە، هیچ ڕێگەیەکی ووشکانی نەمابوو بۆ دەرەوە، بەندەرەکانی زیانی گەورەیان بەرکەوت... لە هەمان کاتدا، بەشێوەیەکی باش بەرگەی گرت ولە ئیستاشدا دەیەوێت تەواو زاڵ بێت بەسەر دەرئەنجامەکانی ئەو گەمارۆدانە.

## ئایدیۆلۆژیای سیاسی

هیچ وڵاتێك ناتوانێت رۆڵی ئیقلیمی بگێرێت ئەگەر ئایدۆلۆژیاییەکی سیاسی نەبێت، ئایدیۆلۆژیای سیاسی قەتەر ئادیۆلۆژیایەکی ئاینییە کە لە مۆدێلی ئیخوانەوە نزیکە، زۆرجار گووتارەکانی *یوسف قەرزاوی* خزمەتی بە سیاسەتی دەرەوەی قەتەر کردووە ، ئەم دیووە ئادیۆلۆژیایەی قەتەر لە کاتی بەهاری عەرەبی بە زەقی روونبووەوە،" قەرزاوی کە باڵی ئایینی سیاسەتی قەتەرە " بەرگری لە مۆدێلی ئاینی قەتەر دەکات کە ناکۆکییەکی گەورەی لەگەڵ مۆدێلی ئاینی سعودی دروست کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە قەتەر نەك تەنها لە رووی سیاسەت وبریارەوە پابەند نییە بە سعودیەوە بەڵکو گووتارێکی ئاینی سەربەخۆی هەیە و جگە لەم دیووە ئادیۆلۆژیایە کەناڵی جەزیرە ئامرازی راگەیاندنی قەتەر بووە بە درێژای زیاتر لە ١٥ساڵی رابردوو، جەزیرە گوزارشتی لە دیدی قەتەر کردووە لە جیهانی عەرەبی.

لە بەهاری عەرەبیدا قەتەر سیاسەتێکی دوو فاقی پەیرەوکرد. لە میسرو تونس و لیبیا سووریا لە رووی سیاسی، دارایی، راگەیاندن، تەنانەت دیبلۆماسی پڕ چەککردنیش لە کەیسی سووریا پاڵپشتی گۆڕانکارییەکانی دەکرد، بەڵام لە بەحرێن قەتەر هەڵویستێکی تائیفی ئیخوانی وەرگرت کاتێك لەگەڵ سعودیە هێزی قەڵغانی کەنداویان پێکهێنا و بەژداری لە داپڵۆسینی خۆپێشاندانەکانی بەحرێن کرد، لەسەرووی ئەم دەستکەوتانەوە لە سیاسەتی دەرەوە، بەڵام قەتەر وانەیەکی گەورەی لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەبیرکردووە، ئەویش هەر وڵاتێك مومارەسەی دیبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی لە سەرووی قەبارە و هێزی راستەقینەی خۆی کردبێت دووچاری شکست و کەوتنی گەورە بووەتەوە، دیارترین نموونە، میسری سەردەمی جەمال عەبدولناسر و عێراقی سەردەمی سەددامە.

## ڕۆڵی تورکیا لە قەیرانی کەنداو (قەتەڕ و سعودیە)

**لە ٢٠١٧/٦/٥، هەر یەک لە وڵاتانی سعوودیا، ئیمارات، بەحرێن، میسر، یەمەن، لیبیا و مالْدیڤ پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاند بە بیانووی دەستوەردانی دەوحە لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە و پشتگیریکردنی گرووپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان و ئیخوان موسڵمین و نزیکبوونەوە و پاڵپشتیکردنی ئێران. لە سەرەتای قەیرانەکەوە تورکیا بڕیاری ناردنی هێزی دا بۆ قەتەڕ، سەرەڕای بەردەوامبوونی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوانیان و ناردنی سەدان تەن لە خۆراک و خواردەمەنی و جلوبەرگ و هەوڵدانی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان.**

## ئاسایشی هەرێمی لە ڕوانگەی تیۆریی قووڵاییی ستراتیژیی "ئەحمەد داوودئۆغلۆ"وە

**ئەحمەد داوودئۆغلۆ ئەندازیاری داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و خاوەن تیۆریی قووڵاییی ستراتیژی، لە کتێبەکەیدا (قووڵاییی ستراتیژی و ڕۆڵی تورکیا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا) باس لە سێ چەمکی سەرەکی دەکات (جیۆسیاسی، جیۆئابووری و جیۆڕۆشنبیری) کە تورکیا دووبارە هێز و توانا پەنگخواردووەکانی پێ دادەڕێژێتەوەو لە هێزێکی پەراوێزخراوەوە دەکات بە هیزێکی ناوەند. لەم ڕوانگەوە سێ پرس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی بۆ تورکیا گرنگن، ئەوانیش بریتین لە: ئاسایش، وزە و بازاڕ. ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئارامی و ئاسایشی ناوخۆی تورکیا دەبێت، بەمەش بەرژەوەندی تورکیا دەخوازێت کەمترین تەنگژە و قەیران و نائارامی لە وڵاتانی کەنداودا هەبێت؛ جگە لەمەیش وڵاتانی کەنداو، بەتایبەت قەتەڕ، خاوەن بڕێکی زۆری گازی سروشتییە و سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی تورکیا. لە بەرامبەر ئەمەشدا وڵاتانی عەرەبی و کەنداو بازاڕێکی گەورەن بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمە تورکییەکان؛ هەر لە بەرهەمە خواردەمەنییە تورکییەکان تا دەگاتە جلوبەرگ**

**و ئامێری کارەبایی و خزمەتگوزاریی پزیشکی و هتد. تێکچوونی ئاسایشی وڵاتانی کەنداو کاریگەرییەکی خراپی لەسەر قووڵاییی ستراتیژی و مەبەستە سیاسی و ئابوورییەکانی تورکیا دەبێت.**

## بۆ ئەوەی قەتەڕ نەچێتە ژێر باری ئێران

**تورکیا لە سەرەتای قەیرانەکەوە بڕیاری ناردنی هێزی سەربازی دا بۆ قەتەڕ، بەڵام ڕوونی کردەوە کە مەبەست لە ناردنی هێزەکە بۆ سەقامگیری و گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامییە بۆ کەنداو. سەرەڕای ئەوەیش، تورکیا هەوڵی نێوەندگیری و دانوستان لە نێوان قەتەڕ و سعوودیاي دەدا، بۆ ئەوەی قەیرانەکە زیاتر پەرە نەسێنێت و، نەبێتە قەیرانێکی نێودەوڵەتی. بەمەیش ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی نارد بۆ قەتەڕ بە مەبەستی ناوبژیوانیکردن و چارەسەرکردنی دۆخەکە؛ چونکە تورکیا پێی وایە ناکۆکییەکانی نێوان قەتەڕ و وڵاتانی عەرەبی و کەنداو و میسر زیان بە جیهانی ئیسلامی دەگەیەنێت و، دەبێت هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بخەنە گەڕ و، تورکیا هەوڵ دەدات ناکۆکییەکان زیاتر لە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو چارەسەر بکرێن و، قەتەڕ نەبێتە کارتێکی گوشار بەدەست ئێرانەوە و، زیاتر لە بلۆکی شیعیزم نزیک نەبێتەوە، لەبەر ئەم دوو خاڵەی خوارەوە:**

### ١- گازی سروشتی:

**مەسەلەی گازی سروشتی، یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە بە لای تورکیاوە گرنگییەکی زۆری هەیە؛ قەتەڕ خاوەن بڕێکی یەکجار زۆری گازی سروشتییە و، تورکیایش پێویستییەکی یەکجار زۆری بە گازی سروشتییە. نزیکبوونەوەی قەتەڕ لە ئێران، ئاسایشی وزەی تورکیا دەخاتە مەترسییەوە؛ بەو پێیەی ئێران دەرچە و دەروازەیەکی ستراتیژییە بۆ قەتەڕ و، دەتوانن مامەڵە ئابووری و بازرگانییەکانیان و مامەڵەی نێوانیان لەسەر گازی سروشتی و گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و**

**هەناردەکردن و فرۆشـــتنی لە بازاڕدا لەســـەر حســـابی تورکیا فراوانتر بکەن. قەتەر بەردەوام دەڵێت ســیاســەت و بەرنامەی ئەو بۆ بەڕێوەبردن و بەبازاڕکردنی گازی ســـروشـــتی، جیاوازە لەوانی دیکە. قەتەر لە ســـاڵانی ڕابردوودا لە ڕێی بەکارهێنانی گازی سـروشـتییەوە بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ، توانیویەتی ژێرخانێکی ئابووریی پتەو دابمەزرێنێ.**

**یەکەم و دووەم و سێیەم یەدەگی جیهان لە گازی سرووشتی بریتین لە ڕووسیا و ئێران و قەتەر: ڕووسیا 24%، ئێران 18% و قەتەر 14%ی یەدەگی گازی سرووشتیی جیهان لەخۆ دەگرن. جگە لەوەیش، یەدەگی گازی سروشتیی قەتەر نزیکەی 900 تریلیۆن پێ سێجایە.**

**کێڵگەی گازی باکوور، یەکێکە لە کێڵگە گازییە گرنگەکانی کەنداوی عەرەبی و گەورەترین کێڵگە گازییەکانی جیهانە کە توانای دابینکردنی 10 ساڵ پێویستیی گازی جیهانی بەتەنیا هەیە. ئەم کێڵگە گازییە، یەکێك لە کێڵگە هاوبەشەکانی ئێران و قەتەرە. یەدەگەکەی نزیکەی 51 تریلیۆن پێ سێجایە، ڕووبەرەکەی 9.700 کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، 6.000 هەزار مەتری دەکەوێتە نێو ئاوەکانی قەتەر و، 3.700 مەتری دەکەوێتە نێو ئاوەکانی ئێران. بۆیە ئەو هەماهەنگییە توندوتۆڵەی لە نێوان ئێران و قەتەر هەیە، بەشێکی زۆری پەیوەندیی بەو کێڵگە گازییەوە هەیە. ئەم هەماهەنگی و نزیکبوونەوەیەیش مەترسی و گوشار بۆ سەر تورکیا دروست دەکات.**

## ٢- سیاسەتی دەرەوەی قەتەر (مامەڵەکردن لەگەڵ یار و نەیار)

**لە دوای هاتنی شێخ تەمیم بن حەمەد ئەلسانی بۆ دەسەڵات لە ٢٠١٣دا، یەکێک لە ڕەگەزەکانی داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی قەتەر بریتی بووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو هێزەکاندا: یار و نەیار، دۆست و دوژمن؛ بۆ نموونە مامەڵەکردن لە یەک کاتدا لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا، حەماس و ئیسرائیل، یەمەنی باڵی حوکمڕان و حوسییەکان، تاڵیبان و کابوول. ئەم جۆرە سیاسەت و مامەڵەی قەتەر، ترسی بۆ**

**تورکیا دروست کردووە؛ بەوەی کە قەتەڕ یاریی سیاسی بە بەشێک لەو هێزانە بکات لە بەرامبەر تورکیادا و، بیکاتە کارتی گوشار و، پێگەی تورکیای لە نیشتمانی عەرەبی و کەنداودا، پێ لاواز و بێ ڕۆڵ بکات.**

**دەرەنجام:**

**تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەڕ و وڵاتانی سعوودیا، بەحرێن، ئیمارات و میسر بووەهەلەرزەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی بوو لە کەنداو و جیهانی عەرەبی و، کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی و ئابووریی گۆڕی؛ تورکیا لە سەرەتاوە بڕیاری ناردنی هێزی سەربازیی دا بۆ کەنداو، بەڵام مەبەستی ناردنی هێزەکەی ڕوون کردەوە کە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کەنداوە و هیچ مەبەستێکی تری نییە. تورکیا هەوڵ دەدات کەنداو ناوچە و هەرێمێکی ئارام و بێ کێشە و بێ ململانێ بێت. ئەگەر ململانێش هەبێت لە ڕێگەی "ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو" و دیالۆگ و گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت و، نەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و دیپلۆماسیی گەورە. ئەمەیش زیاتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کەنداو و لە قەتەڕ بەتایبەتی، چونکە ناوچەی کەنداو بازاڕێکی گەورەیە بۆ ساغکردنەوەی کاڵا تورکییەکان و، مامەڵەی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا قەبارە و ڕێژەیەکی گەورەی هەیە. لە هەمووی گرنگتر بە لای تورکیاوە، قەبارەی گازی سروشتیی قەتەڕ و نزیکبوونەوەیەتی لە ئێران. قەتەڕ خاوەن یەدەگێکی زۆری گازی سروشتییە و، تورکیایش پێویستیی ڕۆژانەی بە گازی سروشتییە و، ترسی ئەوەی هەیە ئێران، قەتەڕ بکات بە بەشێک لە پرۆژەی هیلالی شیعی و بیخاتە نێو جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکی ئەم پرۆژەیە و، زیانی ئابووریی گەورە بۆ تورکیا دروست بکات و ڕۆڵە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەکەی لێ بستێنێتەوە.**